# بانگەوازێک لە کەمپینی جیهانی دژ بە ڕەشەکوژی و بەردەباران کردنی ژنان لە کوردستان!

### بۆ هەموو ڕێکخراوەکان، حزبە سیاسیەکان، ئازادیخوازانی کوردستان و تەواوی جیهان!

### بە ریزی ئێمەوە پەوەست بن و نامەی پشتیوانیمان بۆ بنێرن

پاش بەردباران کردن و کوشتنی "دۆعا خەلیل ئەسوەد"ی تەمەن 17 ساڵە بە شێوەیەکی دڕندانە تا مردن لە شارۆچکەی بەعشیقەی نزیک شاری موسڵ، لەلایەن زۆرێک لە ئازادیخوازان و ڕێکخراوەکانی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتەوە پەیوەستبوونی خۆیان بەم کەمپینەوە ڕاگەیاندووە.
لە رۆژی 26ی ئەپریلی 2007ەوە ئێمە ئەم کەمپینەمان بەڕێخستووەو مەبەستیشمان ئەوەبووە کە سەرنجی هەموو دنیا بۆ ئەو تاوانکاری و توندوتیژیانە ڕاکێشین کە بەرامبەر ژنان دەکرێت لە کوردستان.
بۆ ئەوەی کوشتن و بەردبارانکردنی ژنان کۆتایی پێ بێت، پێویستمان بە هاوپشتیتان هەیە بۆ کەمپینەکەمان، بۆیە لێرەوە داواتان لێ دەکەین کە بە ریزی ئێمەوە پەوەست بن. نامەی پشتیوانی ئێوە بۆ ئەم کەمینە ریزەکانی ئێمە بەهێزتر دەکات.
کەمپینی جیهانی دژ بە ڕەشەکوژی و بەردباران کردنی ژنان لە کوردستان هەموو ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر مافەکانی ژنان دەکرێت دەخاتە ئەجێندەی خۆیەوەو کاریان لەسەر دەکات و هەوڵدەدات دەنگی هەموو ژنانی کوردستان لەتەواوی جیهاندا ببیسترێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێمە بەنیازین کە تۆڕێکی نێونەتەوەیی بەهێز هەم لە کوردستان و هەم لە جیهاندا بۆ خەبات لەدژی تاوانەکانی کوشتنی شەرەف پێکبهێنین.
تاوانەکانی کوشتنی شەرەف ساڵەهایە درێژەی هەیەو تا ئێستاش بەردەوامە، کاری ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەیە فشار بۆ حکومەتی هەرێم ( هەردوو ئیدارەکە) و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بهێنین بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەڕەشەکوژی و بەردبارانکردنی ژنان لە کوردستان.

هەربۆیە هاوپشتی و پشتیوانی ئێوە لەم ڕاستایەدا مانایەکی زۆر ئومێدبەخش دەدات بە خەباتی ئێمە!!

## تکایە پەیوەندی بگرەو هاوپشتی خۆت بنێرە!

ئەتوانیت بەم مایلانەی خوارەوە نامەی هاووپشتیمان بۆ بنێریت:

houzan73@yahoo.co.uk
rega_rauf@yahoo.com